


عەبدوڵڵا سەڕاج



# بۆچوون دەربارەی شیعر و نوێخوازی

بێگومان جیاوازیش هەیە
لە نێوان نوێخوازی و
سەردەمایەتی و
پێشەنگایەتیدا، بەداخەوە
لە لای ئێمە تێکەڵ بوونە و
بەوردی بەکاریان ناهێنین

لە شاعیرێکی بە ئەزموونم
بیست، کە شاعیری ئەو
تۆ هەن و وشکیان کردووە،
کەچی وازناهێنن و زۆر لە
خۆ دەکەن و خۆ دەجوونەوە
بۆ ئەوەی ناویان لە
لاپەڕەکاندا بمێنێتەوە و
بەس.

خۆم لە کانی چاو قرژاڵی شیعر هەڵناقورتێنم، چونکە بەخاکەڕاییەوە شایەنی  ئەو کارە پیرۆزە نیم. لە کاتێکدا دەیان شاعیری هەڵکەوتوو هەن و دەرگاشیان لێ والآیە و بارەکەش بۆ هزریان سازاوە. بۆ هیچ نا . تەنیا بۆ ئەوەی، کە ساڵانێکی زۆرە گرووپی (ڕوانگە) و (کفری) ئاوابوونە، بێگومان وەچەی دی لە ئارادان، کەچی سەرەڕای چەندین چامەی بە نرخ و ئەزموونی چاک و بەهێز، بە دەستوور و تیوراندنەوە نەهاتوونەتە چەقی ئەدەبییەوە، کە بە ئاشکرا و بنبڕ بۆ چوونیان بچەسپێن و ئاراستەیان دیاری بکەن. لەوانەیە لەبەر چەند هۆیەک بێ نەوێرن، یان کەسی ئاستی ڕۆشنبیری و...... تاد، بەڵێ وزەیەکی هەژاوی شیعر لە کوردستان پەیدا بووە بەتایبەتیش لە هەولێردا گرووپی (پێشڕەو) خۆی سەپاندووە. شاعیرانی وەک: (جەلال بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، دڵشاد عەبدوڵلا، عەباس عەبدوڵلا یووسف). مخابن ڕەخنەگران، یان خودی شاعیران شتێکی بابەتی و بە ئەزموون لەو بارەوە نانووسن. ئەم دیاردە نەرێیە بەزیانی داهێنان دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی (داهێنان) و (تەنزیر)، بیر و بۆچوون هاوتەریبن. لە جێگایانی دیکەی جیهان. هەریەکە دەیەوێ بەمیری شاعیران بزاندرێ و ئەو دواکەی لە دیوەخانی ئەودا دەستگێڕ و قاوە خۆربن و بەسن. تەنانەت (خۆویستی و نێرگزییەت) گەیشتووەتە پلەی نەخۆشی کوشندە. خۆ لە توانادایە لە ئامادە نەبوونی ڕەخنەگران، شاعیران لە کرۆک و ئێستێتیکای شیعر بدوێن و شیعری قۆناغەکەیان هەڵسەنگێنن، ئەوسا ئاستەکە بەرەو پێشەوەتر دەچوو، شیعریش ڕزگاری دەبوو لە دەنگی نەشاز و خێڵەکی و شارچییەتی. ئەم چەند دێڕەی سەرەوە با ببێتە پەراوێز و کەمێک لە زاراوەی (نوێخوازی) بدوێین، چونکە نوێخوازی هەر نوێخوازییە لە شیعردا، یان لە ژانر و جۆرەکانی تری ئەدەب و هونەر. هەموو یەکدەگرینەوە لەوەی، کە چەمک و واتای زاراوەکە، وەک لە ناوماندا باوە. ڕۆژئاواییە و ئێمە خواستوومانە، هەرچەندە بڕێک، لە کۆڕ و بۆنەکاندا، بە نەزانین و سەقەتی باسی لێوە دەکەن ولێی دەدوێن. زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی سەدەی پێشوو، کەوا گوزارشتی لە هەڵوێستی فەلسەفی و مەعریفی چەندانێک دەکرد لە ڕووی واقیع و خولگەو.... تاد. ئاشتەباییان لەگەڵدا ڕەت دەکردەوە. هەر بۆیە یاخیبوونیان پەسەند کرد بۆ هەڵگێڕانەوە لە چەمکە ئاساییەکان و کونکردنی بەربەستی داب و نەریتی سەقامگیر و ژەنگن و سواو.... تاد بێگومان جیاوازیش هەیە لە نێوان نوێخوازی و سەردەمایەتی و پێشەنگایەتیدا. بەداخەوە لە لای ئێمە تێکەڵ بوونە و بەوردی بەکاریان ناهێنین، ئەگەر چی چەند ساڵێکە زاراوەکە بووەتە وێردی سەر زارمان و خۆمانی

پێوە دەلەنگێنین، ئەوە سالآنێکی زۆرە لەو جێگەیەی سەری لێ هەڵداوە، پێگەی خۆی بۆ زاراوەی (پاش نوێخوازی) و هی تر جێهێشتووە. هەر سەردەمێک، چ جای سەدەیەک هەڵگری زاراوە و دید و دەستەواژەی ئێستێتیکای خۆیەتی. کاروانی داهێنان و ئەفراندن ناوەستێت، با باسکاران زاراوەی نوێتری بۆ بدۆزنەوە، یان بۆی داڕێژن بۆ چێوەگرتنی ئەو ئەزموونە تازانەی هەن و لەدایک دەبن. کەواتە نوێخوازی هەمیشە دەڕوانێتە پێش و ئایندە و ئاسۆی نایار.

لە شاعیرێکی بە ئەزموونم بیست، کە شاعیری ئەو تۆ هەن و وشکیان کردووە، کەچی وازناهێنن و زۆر لە خۆ دەکەن و خۆ دەجوونەوە بۆ ئەوەی ناویان لە لاپەڕەکاندا بمێنێتەوە و بەس.

**یەکەم:** شاعیری دڵسۆز و هەم ئازا و ڕاستگۆ ئەوەیە، گۆڕەپانەکە بۆ پاش خۆی جێبێڵێت، ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە و هەم مێژووییش.

**دووەم:** داهێنەر خەمی سەرەکی ئەوەیە خۆی تێپەڕێنێت، ئەگەر خۆی تێنەپەڕاند وازبهێنێت نە (کابە) کەچ بێت و نەزەری بۆ پەزەکان دەبێت.

**سێیەم:** هەموو سەردەمێک، بگرە قۆناغێک ، گشت قەڵەمێکی تێدایە و دەبێتە هەوێنی گەشەسەندن. بە قەد تۆزقاڵێک دەنگی نەشاز کار لە بزاڤی چوونە پێشەوەی گیانی (شیعرییەت) و (داهێنان) ناکات.

**چوارەم:** نووسین لە قسەی زارەکی مەیخانە و چایخانە و بەدەم پیاسەکردن و ئەملا و ئەولا چاکترە. قسەی زارەکی نەکرێتە نووسین و تۆمار نەکرێت هیچ بە هایەکی نابێت.

چری بۆچوونەکەم ئەوەیە شیعر هەیە و نا شیعر هەیە. هەر چەندەش کەسانی ئەوتۆ هەن زوڵم لە فریشتە و خوداوەندی شیعر دەکەن و پێ دەنێنە میحرابەکەیەوە.

هەروەک چۆن دیندار و زەندیق دەچنە تەوراتخانە و کڵێسا و مزگەوتان، بەڵام خۆیان و خودایان.

١٩٩٥/٩/٩ هەولێر